www.kurdistannet.org

## فایلڕەشێکی نێو سەرکردایەتیی پارتی

حەمەسەعید حەسەن

عەولا عەولا بێ بۆ لام
بێ تۆ چۆڵە بارەگام
دیرۆکرەشی، فایلرەشی، قەیناکا.

کاژیک بە بەیاننامەیەک لە ١٩٧٥/١/٢٥دا، لەسەر دووڕوویی کە دەکاتە ڕەشفایلیی، عەبدوڵلا عەزیز خالید لە ڕیزەکانی خۆی دەردەکات. سەرەتای ساڵانی هەشتا کە هیچ هاووڵاتییەکی عێراقی مافی ئەوەی نابێت، لە هەمان کاتدا کارمەندی میری و خوێندکاری زانکۆش بێت، عەبدوڵلا ئاگرین هاوزەمان هەردووکیان دەبێت. ئەو چونکە فایلی لە ڕوانگەی بەعسەوە جوان دەبێت، بە چاوپۆشین لە بەرزیی تەمەنی و نزمیی نمرەی، لە زانکۆ وەردەگیرێت.

سەرەتای ساڵانی هەشتا عەین ئاگرین بەردەوام، لە هەفتەنامەی (هاوکاری)دا، گۆرانی بە باڵای نووسەرە بەعسییە بەدناوەکاندا هەڵدەڵێت. ئەو دەنووسێت: (بەرهەمی عەبدوڵلا عەباس و سەلاح شوان لە خزمەتی ڕەشوڕووت و چەوساوەی میللەتەکەماندایە.)(١) یان لە ستایشی (بێوەی)دا کە ڕاوێژکاری سەددام بوو، دەڵێت: (بێوەی باوەش بە داهاتوودا دەکات و ڕووسوورانە هەنگاو دەنێت.)(٢)

کە ١٩٨٤ قوتابییە کوردەکانی زانکۆی سەلاحەدین، دژی لەبەرکردنی پۆشاکی سوپای میللی، ڕا دەبن و ئەو ساڵەیان لە کیس دەچێت. تاقە خوێندکارێکی کورد کە مل بۆ خواستی ڕژێم کەچ دەکات، عەبدوڵلا ئاگرین دەبێت، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە پۆستی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی، پاداشت دەدرێتەوە!

2003. 11. 05

(١) هاوکاری، ژ: ٦٧٥ی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٧
(٢) هاوکاری ژ: ٦٠٤ی ڕۆژی ١٩٨١/٩/١٧